
# (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی بە کوردی بڵاودەکرێتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) کە بە یەکێک لە شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان دەناسرێت و لە نووسینی لیۆ تۆلستۆی، ڕۆماننووسی ڕووسییە، لەلایەن ڕەسووڵ سوڵتانی، نووسەر و وەرگێڕ بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا.

ڕەسووڵ سوڵتانی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانەکە کاری وەرگێڕانی تەواو بووە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە. گوتیشی، بۆ ئەم بەرهەمە سوودی لە هەردوو وەرگێڕانە فارسییەکانی ڕۆمانەکە وەرگرتووە کە سروش حەبیبی و کازم ئەنساری وەریانگێڕاوە، جگە لە وەرگێڕانە عەرەبی و ئینگلیزییەکەی کە سوودیان لێ وەرگیراوە.

بەپێی چەندین لیستی ڕۆمانە باش و گرنگەکانی جیهان، ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) بە یەکێک لە 100 ڕۆمانە گرنگەکانی جیهان هەژمار دەکرێت و چەندین جار کراوەتە فیلمی سینەمایی و بەرهەمی دیکەی هونەری. ئەم ڕۆمانە پێشتر لەلایەن جەوهەر مەحموود داراغا بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لە چوار بەرگدا لە دوو هەزار و 200 لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ڕەسووڵ سوڵتانی، شاعیر و وەرگێڕ ساڵی 1976 لە بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا هەیە، لە 1995ەوە سەرقاڵی کاری ئەدەبییە، تا ئێستا جگە لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، نزیکەی 30 کتێبی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەوانە کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆف کە لە 10 بەرگدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

# (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمینگوای دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(پیرەمێرد و زەریا) کە شاکارێکی ئەدەبیی جیهانی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییە و لە نووسینی ئێرنێست هەمینگوای، ڕۆماننووسی ئەمریکییە، لەلایەن عیسا عوسمانەوە دەکرێتە کوردی.

عیسا عوسمان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەم بەرهەمە باس لە سانتیاگۆ دەکات کە ماسیگرێکی پیرە، ئاسمانی هیوا و ئومێدی بە هەوری ڕەش و قورسی ئاوس بە بارانی چارەڕەشی تەنراوە و بۆ ماوەی هەشتا و چوار ڕۆژ هیچ ماسییەکی ڕاو نەکردووە، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان بووەتە ئاستەنگ لە بەردەمیدا و کەسایەتیی جددی و سەنگینی ئەوی لەنێو خەڵکیدا ڕووشاندووە، بەڵام هەرگیز ورەی بەرنەداوە و لە ململانێیەکی بەردەوامدایە".

هەروەها دەڵێت: "کەسایەتیی سانتیاگۆ، وەک هەر کەسایەتییەکی دیکەی ڕۆمانەکانی هەمینگوای، لە شەڕێکدایە لەگەڵ ناخی خۆی، لەگەڵ سرووشت و جەوهەریبوونی خۆی، جیاواز لە کەسایەتییەکانی دیکەی نێو دنیای ئەدەب کە لە دەرەوەی بوونی خۆیان بە شوێن ئامانجدا دەگەڕێن. لەم ڕۆمانەدا زۆر جوان و ورد جەخت خراوەتە سەر لایەنێکی بوونگەرایی ئایینی ناخی مرۆڤ".

وەرگێڕانە کوردییەکەی (پیرەمێرد و زەریا) لە 207 لاپەڕەی قەبارە ناوەنددا لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان چاپکراوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.




# بەکر عەلی (خود و کۆمەڵگە و دژەکانیان) بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(خود و کۆمەڵگە و دژەکانیان) بەرهەمێکی نوێی نووسەر بەکر عەلییە و وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی بکاتەوە.

کتێبەکە پێکهاتووە لە چەند وتار و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئێستاتیکی و تیۆری بۆ خوێندنەوەی جیهانبینیی کۆمەڵگە و تاک و ئەو هێزانەی ئەو دووانە هەم یەکدەخەن و هەم کۆدەکەنەوە.

بەکر عەلی لەبارەی ئەم کتێبەی دەڵێت: "کتێبەکە تەرزێکی خۆییانەی نووسینە بۆ چەند هەوڵدانێکمان لە تێڕامان لە چەند پرسێکی وجوودی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئێستاتیکی و سیاسی لە دنیای کوردیدا. لەڕووی تیۆرییەوە خۆدەرگیرکردنمانە بە تیۆری ڕەخنەیی و بە ڕەخنەی کولتوورییەوە و لەڕووی پراکتیکیشەوە هێنانەخوارەوەی ئەو تیۆریانەیە بۆ ناو دەقی کوردی و بۆ ناو تاک و جڤاتی کوردی. دۆزینەوەی دیالێکتیکی تاک و کۆیە لەنێوبەندی فەرهەنگەکاندا، بەتایبەتی لە کۆنتێکستە کوردییەکەدا. بۆ ئەمەش تێکستەکانی شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی و ڕامیار مەحموود پراکتیزە و تیۆریزە کراون".

ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لەم بابەتانە: کۆمەڵگە و دژەکەی، خود و دژەکەی، خێڵی کراوە و دوژمنەکانی، کولتوور و وێنەی دوژمنەکانی، خودگەرایی لەناو ئەوانیتردا، تیرۆرکردنی ئەتمۆسفێری هەڵەبجە، سۆفیستە کوردییەکان، فەلسەفە و سێکسواڵیتی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، لەگەڵ چەند گفتوگۆیەک.

بەکر عەلی لەدایکبووی شاری سلێمانییە و لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی نووسین کردووە و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی.

### لە بڵاوکراوەکانی نووسەر:

- پانتایی کۆجیتۆ بەسەر هێڵە فەلسەفییەکانەوە 1992.
- دێریدای میسری. وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە 2010.
- سلۆتەردایک لە نزیکەوە. بەرگی یەکەم بە بەشداریی ئیسماعیل حەمەئەمین 2015.
- سلۆتەردایک لە نزیکەوە. بەرگی دووەم: وەرگێڕانی: بەکر عەلی 2015.
- خودا، ڕۆح، پارە: وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: 2015.

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان سێ کتێب بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور


ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان لە سلێمانی، سێ کتێبی ئەدەبی چاپ و بڵاودەکاتەوە.


ئارام مەلا محەممەد، بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە درێژەی هەوڵەکانماندا بۆ خزمەتکردنی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی و خوێنەران، سێ شاکاری دیکەی دنیای ئەدەبیاتمان بڵاوکردەوە کە دوویان ڕۆمانی جیهانین و یەکێکیشیان لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیـ-عیرفانییە".


یەکێک لە کتێبەکان "پیرەمێرد و زەریا"یە کە ڕۆمانە و "ئێرنست هەمینگوای" نووسیویەتی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتە. ئەو کتێبە وەرگێڕی لاو، عیسا عوسمان، لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

کتێبی "ئاوێنەی دڵ" کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیـ-عیرفانییە بەشێوەیەکی دەروونشیکاری و بوونگەرایانە بۆ شیعرەکانی عارفی گەورە، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی. د.ئارەش نەراقی نووسیویەتی و کەیوان هەورامی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. نووسەر کاری لەسەر ئەو دیوە فەلسەفی و دەروونشیکارییە کردووە کە لە جیهانبینیی مەولانادا هەیە.

کتێبی سێیەم ڕۆمانی "پیاوێک بە ناوی ئووڤێ"ی "فرێدریک باکمان"ی ڕۆماننووسی لاو و بەناوبانگی سوێدییە. ڕۆمانەکە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی و جووتیار قارەمان لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. ڕۆمانەکە باس لە ململانێی نەوەی پێش و پاشی تەکنەلۆژیا، گەڕانەوەی هیوا بۆ کەسێکی بێزار لە ژیان و بێدادیی حوکمی سەرمایەداری دەکات.







# چل رۆژ فەلسەفە لە کوردستان

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

د.محەممەد کەمال، فەلسەفەکاری بە ئەزموونی کورد، لە کۆتایی سالآنی حەفتاکانەوە بۆ خوێندنی فەلسەفە رووی لە پاکستان و دواتر ئەڵمانیا کردووە، لە 1994یشەوە لە ئوسترالیا وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە. ئەو دوورێکی نزیک لە کوردستان بووە و هیچکات وەک نووسین لە کوردستان دوورنەکەوتووەتەوە، بەردەوام خاوەنی پرۆژەی خۆی بووە، زۆر لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بواری فەلسەفەی بەکوردی کردووە، بەشێوەیەکی سیستماتیک لەنێو مێژووی فەلسەفەدا لەسەر زۆر لە فەیلەسووفان نووسیویەتی و کارەکانیانی وەرگێڕاوە: ئەفلاتون، ئەرستۆ، ئەفلاتونیزمی نوێ، کانت، هیگڵ، سپینۆزا، نیچە و هایدیگەر، سارتەر و مارکس. هاوکات بەرلەوەی بڕواتە دەرەوەی کوردستان، وەک وجودییەک خۆی ناساندووە و چەند کۆڕێکی فەلسەفی لەبارەی فەلسەفەی وجودی گرتووە. ئەم فەلسەفەکارە، لەم ماوەیەی رابردوودا چەندین کۆڕ و سیمیناری لە کوردستان سازکرد، تا نووسینی ئەم بابەتە شەش کۆڕی لە سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە و کەلار بەستووە. لەم نووسینەدا لەبارەی دوو بابەتی کۆڕەکانی کە یەکیان لەسەر واتای کاتە و ئەویتریان لەبارەی فەلسەفەی هونەرە، هەڵوەستە دەکەم. لەکۆتاییشدا لێدوانی خۆی لەبارەی چالاکییەکانەوە دەخەمەڕوو.

د.محەممەد کەمال رۆژی 14ی مانگی رابردوو لە ناوەندی رەهەند لە سلێمانی بابەتێکی لەبارەی "چەمک و واتای کات" پێشکەش کرد و بە پرسیاری "کات چییە؟" دەستی بە باسەکەی کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەم پرسیارە فەلسەفییە و جیاوازە لە پرسی کات لە ژیانی رۆژانەدا. لە ژیانی رۆژانەدا دەڵێین: کاتمان نییە، یان ئەگەر کاتمان هەبێت ئەو کارە دەکەین. ئەمەش وەک ئەوەیە کات شتێک بێت لای هەندێک کەس هەبێت و لای هەندێکی دیکە نەبێت. یاخود کاتێک دەپرسن کات چەندە؟ بەدڵنیاییەوە سەیری کاتژمێر دەکەین و دەڵێین پێنجە. ئایا ئەم وەڵامدانەوەیە تێگەیشتنی ئێمە بۆ کات دەردەخات؟ ئەگەر کەسێک لە وڵاتێکی دیکە بێت و لای ئەو بەیانی بێت، جیاوازی چییە؟ ئایا کات بریتییە لە ژماردن و ماتماتیک؟ کەواتە ئەگەر "کات" بریتی بێت لە ژماردنی کاتەکان، ماتماتیک دەتوانێت واتای کاتمان بۆ شی بکاتەوە؟ فەلسەفەکارەکە بەمجۆرە دەستی بە باسەکەی کرد و لە درێژەیدا ئاماژەی بۆ مێژووی بیرکردنەوەی فەلسەفی کرد کە ئەریستۆ وەک یەکەم فەیلەسوف لەبارەی کاتەوە نووسیویەتی و پێیوایە ئێمە لەم سەردەمەدا ئەریستۆییانە لە کات تێدەگەین. لەنێو مێژووی بیرکردنەوەدا کانت پاش ئەریستۆ توانیویەتی راڤەیەکی نوێ بۆ واتای کات بکات، بەڵام راڤەکردنەکەی رادیکاڵ نەبووە، بەڵکو لەپاش کانت ئەوە بریگسۆن و هایدیگەرن کە راڤەیەکی نوێ بۆ کات دەکەن و ئۆنتۆلۆجییانە بە بوونی مرۆڤەوە گرێی دەدەن، چونکە ماتماتیکییانە لە کاتیان نەڕوانیوە.

ئەریستۆ دەپرسێت ئایا کات وەک شتەکانی دیکە هەیە؟ سەربەخۆیە یان پەیوەستە بە شتەکانی دیکەوە، ئەگەر هەیە لەکوێیە؟ دەپرسێت ئەگەر کات هەبێت و هەبوو یان جەوهەر بێت، چۆن بەشەکانی وەک رابردوو و داهاتوو نەبوونن.. رابردوو کە تێپەڕیوە و شتێکە نییە و جارێکی دیکە رووناداتەوە، داهاتووش هێشتا پەیدا نەبووە، کەواتە ئێستا تەنیا توخمێکی کاتە هەیە، بەڵام زوو تێپەڕدەبێت و دەبێت بە نەبوو. دیدی ئەریستۆ بۆ کات بریتییە لە "زنجیرەی ئێستاکان" کە هەیە. ئەریستۆ کات و جوڵان پێکەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە ئەگەر هەبوویەک نەجوڵێت و نەگۆڕێت وەک بوونی خوا، ئەوا لە گۆڕان بەدەرە و دەرەکاتە، بەڵام هەبووە جوڵاو و گۆڕاوەکان ناتەواون. لێرەشەوە ئەریستۆ کات و شوێن [جوڵە] پێکەوە گرێدەدات و دەڵێت کات بریتییە لە ژمارەی جوڵانەکان. پرسیاری کات چەندە، ئەریستۆییانەیە، چونکە داوای ژمارەی جوڵانی تەنی خۆر یان زەویمان لە ئەسماندا لێدەکات. محەممەد کەمال ئاماژە بۆ چەند گرفتێکی تێگەیشتنی ئەریستۆ بۆ کات دەکات، لەوانە، ژماردنی جوڵانەکان ئاماژە بۆ تەنێکی ماتەری نەک کات دەکەن. کات وەک ژماردنی جوڵانەکان دەبێتە دیاردەیەکی دەرەکی و پەیوەندی بەمرۆڤەوە نییە. ئەوکاتەی ئەریستۆ باسی دەکات، پەیوەستە بە کاتی سروشتی، لەبەرئەوە بۆ تێگەیشتن لە کات پەیوەست بە بوونی مرۆڤەوە، پێویستە ئەریستۆ تێپەڕ بکەین. کانت دە سەدە پاش ئەریستۆ راڤەیەکی خۆییانە نەک بابەتییانە بۆ کات دەکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەپستمۆلۆجیی کانت وەستاوە، چونکە زانین بە هەستکردن و تێگەیشتنەوە بەندە، بەبێ هەستکردن رێگەی تێگەیشتن ناکرێتەوە، ئەی کەواتە کات چییە؟ لەکاتێکدا کات لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا نییە و هەستی پێناکرێت. چۆن کات بدۆزینەوە؟ کانت چوار بەڵگەی بۆ بوونی کات وەک فۆرمێکی خۆیی داناوە: کات ناکەوێتە ناو ئەزموونی هەستەکییەوە، بەڵام پێشمەرجی ئەزموونی هەستەکیە و بابەتێکە بۆ دەرککردنی پەتی. دیارە کانتیش هەر باسی کاتی سروشتیی کردووە و پەیوەستی نەکردووە بە بوونی مرۆڤەوە.

بریگسۆن کە فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، کات پەیوەست دەکات بە ئاگامەندییەوە؛ لێرەشەوە کاتی ئاگامەندی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە ئاوڕی لێدەدرێتەوە. بریگسۆن باسی گۆڕانی ئاگامەندی نەک لەش لەنێو کاتدا دەکات، لەبەرئەوەی کاتی ئاگامەندی دابەش نابێت و ناوەستێ، چونکە ئاگامەندی هیچکات ناوەستێ، کەواتە کاتیش بەردەوامییە. هەرچی هایدیگەرە هەنگاوێکی دیکە دەهاوێت و کات بە بوون و بوونی مرۆڤەوە [ئۆنتۆلۆجییانە] دەبەستێتەوە. بۆ هایدیگەر بوونی مرۆڤ کاتیە و کاتیش لەنێو بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت. دواتر فەلسەفەکارەکە باسی هەستکردنی مرۆڤ بە کات لە دۆخە جیاوازەکاندا دەکات، بۆ نموونە کات لەگەڵ خۆشەویستەکەت زوو دەڕوات، بەڵام لەگەڵ کەسانێک کە حەزیان پێناکەیت کات ناڕوات. هایدیگەریش پێیوایە لەڕێگەی بێزاری و دوودڵییەوە دەتوانین هەست بە کات بکەین. دواتر باسی پەیوەندیی بوونی مرۆڤ و کات دەکات کە خوێندنەوەی کات لەسەر مرۆڤ وەستاوە و مرۆڤیش کاتییە. ئەم پەیوەندییە ناوەکییەش، واتای ئەوە نییە مرۆڤ کاتی هەیە وەک ئەوەی شتێکی [بۆ نموونە خانوو]ی هەیە، بەڵکو هەتا مرۆڤ هەبێت کاتیشی هەیە، بێکاتی لەگەڵ نەبوونی مرۆڤدا ڕوودەدات. بەهۆی ناتەواویی بوونی مرۆڤیشەوە داهاتوو نەک ئێستا و ڕابردوو، دەبێت بە بنەڕەتی خۆسازی و بەپرۆژەکردنی بوونی خۆ، کەواتە داهێنان ڕوو لە داهاتووکردنە بۆ پرۆژەی بوونسازیی بوونی مرۆڤ. لێرەشەوە فەلسەفەکارەکە باسی کاتی ڕەسەن و کاتی ناڕەسەنی کرد کە مرۆڤی ڕەسەن خۆی لەنێو ئێستا و ڕابردوودا گیر نادات و ڕوو لە داهاتوو و پرۆژەدانان دەکات، پرۆژەش مێژووسازییە.

لە رۆژی 17ی کانوونی یەکەمیش لە زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی هونەر و دواتریش لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان سیمینارێکی لەبارەی "چۆن لە هونەر تێبگەین؟" پێشکەش کرد. سەرەتا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو وەک فەلسەفەکار نەک هونەرمەند باسی فەلسەفەی هونەر دەکات، بۆیە بە پرسی شیکردنەوەی "جوانی" دەستی بە باسەکەی کرد، سەرەتا ئاماژەی بە شانۆنامەی تیلیلۆسی سۆفۆکلیس کرد. تیلیلۆس پاشایەکی ئەسینا بووە و ژنێکی جوانی هەبووە، رۆژێک بڕیار دەدات بێئەوەی ژنەکەی ببات، گەشت بۆ شارێکی دیکە بکات، ژنەکەی داوای لێدەکات لەو شارەی گەشتی بۆ دەکات و خوشکەکەی لەوێ دەژی، کە هاتەوە لەگەڵ خۆی بیهێنێت، ئەویش خوشکەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەسینا دەهێنێت، بەڵام لە ڕێگە حەز لە ژنخوشکەکەی دەکات و بەزۆر لاقەی دەکات، بۆ ئەوەی قسەش نەکات، زمانی ژنخوشکەکەی دەبڕێت و لە دارستانێکدا فڕێیدەدات. بەڵام نامرێت و دواتر ژنەی زمانبڕاو بۆ ئەوەی لە خوشکەکەی بگەیەنێت کە تیلیلۆسی مێردی چی لێکردووە، قاڵییەک دەچنێت و لەناویدا بە وێنە ڕووداوەکە دەنەخشێنێ و قاڵییەکە بە دیاری بۆ خوشکەکەی دەنێرێت. خوشکەکەی لەڕێگەی وێنەی ناو قاڵییەکەوە راستیی ڕووداوەکە دەزانێت.

د.محەممەد کەمال پێیوایە قاڵییەکە هونەرە کە بێ زمانێک توانیویەتی لەڕێگەی هونەرەوە راستییەک بگەیەنێت. لەبەرئەوە هونەر بەهەموو جۆرەکانییەوە ئەم رۆڵە گرنگە دەبینێ، ئەویش "دەربڕین و دەرخستنی راستیی بوون"ـە، لێرەشەوە کێشەی جوانیش چارەسەر دەبێت، چونکە جوانی دەبێت بە دەربڕینی ڕاستیی بوون. لێرەوە فەلسەفەکارەکە ئاماژە بە جوانی دەکات و لە زاراوەی ئەیستاتیک [ئیستاتیک هەڵەیە] دەستپێدەکات کە زاراوەیەکی یۆنانیە و بە واتای هەستکردن دێت، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەلێکساندەر باوم گارتن ئەم وشەیەی بۆ هونەر بەکارهێناوە، چونکە چێژی هونەریی هەستکردنە، لەبەرئەوەی ئەیستاتیک واتای هەستکردن نەک جوانی و بەهای هونەری دەگەیەنێت. هەستکردنیش خۆگەرییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکە دەگۆڕێت، لێرەشدا کێشە بۆ پێوەری جوانی دروستدەبێت، شتێک لای من جوانە لای تۆ ناشیرینە. هاوکات هەستکردن نوێنەرایەتی بابەت دەکات، هونەریش گەر نوێنەرایەتی بێت، ئەوا لاساییکردنەوەیە [وەک ئەفلاتون دەڵێت] نەک داهێنان. لێرەوە محەممەد کەمال دەڵێت، من ئەیستاتیک بەکارناهێنم، فەلسەفەی هونەر بەکاردەهێنم، چونکە هونەر بۆ من بەهای ئەیستاتیکی نییە. لەم بنەمایەشەوە ئاوڕ لە بۆچوونی سێ فەیلەسوف بۆ واتای هونەر دەداتەوە، ئەوانیش: کانت، نیچە و هایدیگەر.

کانت هەرچەند نەیتوانیوە بە تەواوی بۆچوونی ئەلێکساندەر باوم گارتن ڕەتبکات، بەڵام هەوڵیداوە لەسەر بنەمای میتافیزیک هونەر بکات بە زانست، زانستیش هەمەکی و نەگۆڕە ئەمەش ڕزگارکردنی هونەرە لە خۆگەری و ڕێژەگەری. کانت باسی شکۆداری دەکات و بە داهێنانەوە دەیبەستێتەوە، هونەرمەند بە داهێنانی هونەری دەتوانێت بگاتە شکۆدارییەکی رەها. هونەرمەند ئەو داهێنەرەیە و خاوەنی ئەو جیهانەیە کە دەیهێنێتەکایەوە، بێئەوەی پەیڕەوی هیچ یاسایەکی سروشتی بکات. هونەرمەند دەسەڵات و ئەندێشەیەکی سنووربەزێنی هەیە، بۆیە سەربەستە. ئەگەر مرۆڤ سەربەست نەبێت نابێت بە هونەرمەند. کانت ئاماژە بۆ سەربەستی دەکات، بێئەوەی هیچ ڕێگەیەکمان بۆ سەربەستی بۆ دیاری بکات. بەڵام نیچە تاکە بیریارە هەوڵیداوە ڕێگەی بەرەو سەربەستیمان بۆ بدۆزێتەوە. لای نیچە سەربەستیی مرۆڤ لەسەر بنەمای هیچگەرایی دامەزراوە. هیچگەرایی واتە هیچ شتێک لە جیهاندا نییە ببێت بە بنەما بۆ بوونی مرۆڤ، ئێمە بەڕێکەوت لەسەر ئەم ئەستێرەیە دروستبووین. هیچگەرایی واتای ڕەتدانەوەی هێزی مێتافیزیکی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بۆچوون و بەها و دەسەڵاتانەیە کە راستەقینەیەک لەژوور بوونی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دیاری دەکەن. بۆیە نیچە بۆ سەربەستی دوو جۆر یاخیبوونی داناوە، مێتافیزیکی و مێژوویی. هونەرمەندی داهێنەر دەبێت یاخیبوویەکی مێتافیزکی و مێژوویی بێت. لە هیچگەراییدا بوون و بەها رەوشتیەکان واتایان نییە، ئەی چۆن واتا بەبوون بدەین و بەها دروستبکەین، کێ ئەمە دەکات؟ یاخی و هونەرمەندەکان [سوپەرمانەکان]. بۆ نیچە هونەرمەند ئەو مرۆڤە داهێنەرە یاخیبووەیە واتا بە بوون دەدات و بەهای نوێ دادەهێنێ. هونەرمەند دەتوانێت تراژیدیای کورتماوەی بوون تێپەڕ بکات و نەمری بەخۆی بدات. پاشان ئاماژە بە کاریگەریی نیچە بۆ تێپەڕکردنی فەلسەفەی تازەگەری دەکات، لێرەشەوە ئاوڕ لە بۆچوونی هایدیگەر بۆ فەلسەفەی هونەر دەداتەوە.

بۆ هایدیگەر فەلسەفە و هونەر هاوتەرازن، جیاوازی لەنێوان فەیلەسوف و هونەرمەنددا نییە، بیرکردنەوەی هونەری وەک بیرکردنەوەی فەلسەفییە و داهێنەرانەیە. بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ماتماتیکی و زانستی داهێنەرانەیە، بە تەنیاش فەیلەسوف بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێت، بەڵکو هونەرمەندیش راستیی بوون دەردەخات، بەهای جوانیی هونەریش وابەستەیە بە راستیی بوونەوە. فەلسەفەکارەکە پرسیاری ئەوە دەکات، بۆچی هایدیگەر بایەخ بە هونەر دەدات؟ لە وەڵامدا ئاماژە بۆ چەند خاڵێک دەکات. هونەرمەند داهێنەرانە بیردەکاتەوە و ڕاستیی بوون دەردەخات. لە نەریتەکان یاخی دەبێت؛ لەم سەردەمەدا کە نەریتی تەکنەلۆجی زاڵە، هونەرمەند ڕزگارکەرە، هونەر لەم سەردەمەدا بووە بە کاڵا، تەنیا هونەرمەندە ڕەسەنەکان دەتوانن هونەر ڕزگار بکەن. ئەمڕۆ لە جیهاندا زۆر هونەرمەند بەرهەمە هونەرییەکەیان لە بازاڕدا دەفرۆشن، ئەمە وەک ئەوەیە منداڵەکەت لەبازاڕ بفرۆشیت، یان سەرکەوتنی فیلمێک ئەوەیە چەند قازانج دەکات. ئەمە سەپاندنی ئەو نەریتە تەکنەلۆجییەیە بەسەر هونەردا، کە هایدیگەر پێیوایە تەکنەلۆجیا ناتوانێت کۆتایی بە هونەر بهێنێ، بەڵام هۆکاری سەرهەڵدانی بەرهەمی ناڕەسەن و کاڵوکرچە، لەم سەردەمەدا بازاڕ پڕ دەبێت لە بەرهەمی هونەری، کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان پڕ دەبن لە ئەدیب و هونەرمەند، بێئەوەی هەست بە ئامادەبوونی هونەر و ئەدەب بکەیت. بۆیە تەمەنی بەرهەمەکان ساتەوەختی و ئێستایین، نەک داهێنەرانە و داهاتوویانە. بەڵام هونەری ڕەسەن نەمر و داهاتووییە، هونەرمەند لە ئێستادا دەژی بەڵام داهاتوویانە بیردەکاتەوە. هونەری ڕەسەن لەسەر ڕاستیی بوون نەک کولتووری بازاڕی و تەکنەلۆجی وەستاوە، لەبەرئەوە هایدیگەر پێیوایە ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر پێویستمان بە هونەری ڕەسەنە تا لەم کولتووره بازاڕییە ڕزگارمان بکات، بۆ ئەمەش هونەر بە ئۆنتۆلۆجیاوە دەبەستێتەوە. لە کۆتاییشدا دەڵێ، هونەر لەم کولتووره بازاڕییە ڕزگارمان دەکات، چونکە هونەرمەند زەویمان بۆ دەکات بە جیهان، لە کەرەسەکانی بەردەستییەوە شتێکی نوێمان بۆ دادەهێنێ. کەواتە بەرهەمی هونەری داهێنانی جیهانێکی نوێیە، کە نوێنەرایەتی هیچ شتێک ناکات، بە کەرەسەکانی خۆشیەوە. بۆیە هونەرمەند ئەو مرۆڤە ڕەسەنەیە کە لەڕێگەی داهێنانی هونەرییەوە دەتوانێت بوونی مرۆڤ لە نەهامەتی ڕزگار بکات.

لە محەممەد کەمالم پرسی ئامانج لەم کۆڕانە چییە، لە وەڵامدا گوتی: "لە پێناو گەشەپێدان بە بیرکردنەوەی فەلسەفی و کردنەوەی دیالۆگە لەنێو گەنجاندا. بۆ مەبەستی دامەزراندنی کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیریی تەندروست بۆ تێگەیشتن لە کێشە فەلسەفییەکان و ڕەخنە بەگشتی". ئەو گوتی: هاتنەوەی ئەمجارە لە جارەکانی دیکە جیاوازە. هەست دەکەم کەسانی زۆر هەن شەیدای خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفین. پێشوازیی لاوان لە کۆڕەکان کە دەیانەوێت لەمن نزیک ببنەوە و دیالۆگ بکەن، گرنگە. دەبینم کارەکانم جێگەی خۆیان گرتووە و گەنجان پێشوازی لێدەکەن. لەبەرئەوە پێویستە کولتووری ڕۆشنبیری لە کولتووری داخراوەوە بۆ کراوە بگۆڕین.



# فۆرمالیستەکان و خوێنەر

**حەمە مەنتک**



فۆرمالیزم یەکێکە لە مێتۆدە نوێیەکانی رەخنەی ئەدەبی. ماوەی پەیدابوون و گەشەکردنی ئەم مێتۆدە لە ئەوروپا بۆ نێوان سالانی 1915 - 1930 دەگەڕێتەوە. ئەمانە پێداگرییان لەسەر سەربەخۆیی دەقی ئەدەبی دەکردەوە بەتایبەت زمانی شیعر. لە ڕابەرانی ئەم مێتۆدە: شیکلۆفسکی، ڕۆمان یاکۆبسن، گریگۆری ڤینگۆر و تۆماشێفسکی بوون. سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم مێتۆدە دوو قوتابخانەی زمانناسی بوون. ((یەکیان بازنەی زمانەوانی مۆسکۆیە بە ڕابەرایەتی ڕۆمان یاکۆبسن کە لە ساڵی 1915 دامەزرا، لەگەڵ شەش هاوڕێ و قوتابی خۆی. ئەوان گرینگییان بە شیعرییەتی دەق لە چوارچێوەی زمانەوانیدا دەدا، لە توێژینەوەدا بە دوای "فۆرم چییە"دا دەگەڕان. دووەمیان کۆمەڵەی ئۆپیاز بوو. ئەمانە کۆمەڵێ قوتابیی زانکۆ بوون لە ساڵی 1916 لە سان پترسبورگ دروست بوون)) [مەنتک: 2019: 87] زاراوەی ئۆپیاز کورتکراوەی کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعرییە بە ڕابەرایەتی شکلۆفسکی و بۆریس ئیخنباوم. هەردوو کۆمەڵەکە گرینگییان بە توێژینەوەی زمانەوانی لەناو دەقی شیعریدا دەدا، چونکە بە بڕوای ئەوان، مێتۆدەکانی پێشتر کە گرینگییان بە دەرەوە و دەوروبەری دەق دەدا، وەک ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایدیۆلۆژیای نووسەر، هەوڵێک بوون بۆ کوشتنی جوانییەکانی دەق. بە بڕوای ئەوان توێژینەوە لەناو دەق دەستپێدەکات و لەناو دەقیش کۆتایی دێت.

فۆرمالیستە ڕووسەکان لەبارەی دوو تێزەوە لە دەقدا کاریان دەکرد. یەکیان پێداگری لەسەر دەق و بەش و پێکهاتەکانی و دووەم پێداگری لەسەر ئەدەبییەتی ئەدەب دەکرد. بۆیەش دەبینین ئەوان ناو لە خۆیان دەنێن: مۆرفۆلۆجییەکان. فۆرم لەکن وان ((بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرک، کە دەقێک لە دەقێکی دیکە جودا دەکاتەوە.)) [وغلیسی: 67] واتە ئەوەی واتا بەرهەم دەهێنێ بریتییە لە فۆرم، چونکە ناوەڕۆک بۆ نموونە هەست و هەڵچوونەکانی نووسەر و بیرکردنەوەکانی دەق لە هەموو ئەرکێکی ئەدەبی دادەماڵن. واتە ئەوەی بەرهەمهێنەری واتا و ئەدەبییەتە لە دەقدا بریتییە لە فۆرم و زمانی دەق، لە دەرەوەی ئەوانە واتا بوونی نییە.

شکلۆفسکی بە نووسینی وتاری (هونەر وەک نەسەق) ڕێیەکی لە بەرانبەر توێژینەوەی فۆرمی دەق کردەوە. لەم وتارەوە جوایەزیی نێوان ئەو بنەما بنەڕەتیانەی پۆتیبنیا (Poteb-nya)* بۆ توێژینەوەی شیعر دیاری کردوون، لەگەڵ ئەوەی وێنە ڕۆڵی لە دۆزینەوەی واتادا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دروستکردنی جیهانبینی دەردەکەوێ. هاوکات ئیخنباوم لەگەڵ پەخشان جوایەزی هەیە. بەوەی شیعر بەردەوام مەبەست لێی گەیاندنە بە بەرانبەر، بەڵام زۆربەی جۆرەکانی پەخشان پێویستیان بە زمان هەیە بۆ گەیاندن. واتە شیعر ژانرێکە دەکرێ لەڕێی ئەداکردنەوە بە بەرانبەر بگەیەنرێت.

بابەتی توێژینەوە لە کن فۆرمالیستەکان ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبییەتە، واتە توێژینەوە لەو تایبەتمەندیانەی ئەو دەقەیان کردووە بە ئەدەب، دوور لە هەموو هۆکارێکی دەرەکی، لێرەوە دەق دەبێتە خاوەن سەربەخۆیی خۆی. خوێنەر تەنێ چێژ لە دەق وەرناگرێت، بەڵکو ئەوەیش فێر دەبێت کە جوایەزی لە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی نائەدەبی بکات. ئەم جوایەزیانە لە کن فۆرمالیستەکان بابەت و گەوهەری ئەدەبە. کەواتە ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ خوێنەر و بەشداری کردنی لە دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەی دەقی ئەدەبی دەکەن بە ئەدەب. بێگومان ئەمەیش سانا نییە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی بزانێت چ شتێک شیعرە، دەبێ ڕووبەڕووی ئەوە ببێتەوە کە چ شتێک شیعر نییە.

فۆرمالیستەکان لە ساتی نووسینی دەقی ئەدەبییەوە گرینگی بە خوێنەر دەدەن. ((تۆماشێفسکی بڕوای وایە ساتەکانی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بریتین لە هەڵبژاردنی بابەت و دەسکەوتی دەقەکە. یەکەمیان پێوەندی بەو خۆشییەوە هەیە کە خوێنەر لە کنی دروست دەبێت.)) [تادییە: : 27] کەواتە خوێنەر بەردەوام پێش نووسینی دەقەکە لە زەین و مێشکی خوێنەردا ئامادەیی هەیە. ئەم ڕەخنەگرە بنیاتی دەقی ئەدەبی ڕاڤە دەکات، ئەویش بە باسکردنی بچووکترین یەکە کە بە مۆتیڤ ناودەبرێت. مۆتیڤ بریتییە لەو بابەت و مەبەستەی لەناو دەقدا ناتوانین پارچە پارچەی بکەین و بچووکتری بکەینەوە. کەواتە مۆتیڤەکان شتگەلێکن ناتوانین هەڵیانوەشێنینەوە، چونکە ڕۆڵی گەورەیان لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا هەیە.

چەمکی نائاشنابوون، چەمکێکە ڤیکتۆر شکلۆفسکی بۆ یەکەمجار بەکاری هێناوە. بە واتای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی هونەریانە دەگەیەنێت. ئەم چەمکە شتەکان بە مرۆڤ نامۆ دەکات. واتە مرۆڤ یاخی دەکات لە شتەکان. ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتدا شتە ئاشناکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بە مرۆڤ نائاشنا پیشان دەدات. بۆ نموونە تۆلستۆی لە ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی- دا بە شێوەیەکی نامۆ و نائاشنا وێنای شەڕەکان دەکات. ئەم چەمکە پێوەندی بە چەمکی درککردنەوە هەیە. ئەم درککردنە مەعریفە و جیهانبینیی جوایەز دەهێنێتە ئاراوە. کەواتە ئەرکی هونەر و ئەدەب لە کن شکلۆفسکی ئیشکردنە لەسەر درککردنی خوێنەر بۆ وشەکان. لێرەوە ڕۆڵی گرینگی خوێنەر دەردەکەوێت، چونکە کەسی درکپێکردوو بڕیار لەسەر لایەنی هونەری و واتای دەقەکە دەدات. کەواتە ئەوە خوێنەرە مامەڵەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەق دەکات. لێرەوە شکۆ بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە کە پێشتر فەرامۆش کرابوو.

ئەم درککردنە جوانیناسییە لە کن خوێنەر هەوڵێکە بۆ ئەوەی بنیاتی ئەم نائاشنایی و نامۆبوونە دیاری بکات، بۆ ئەوەی لایەنی داهێنان و چێژی ئەدەبی دەستکەوێت. ئەم نائاشنایە هەوڵێکە بۆ ئەوەی شێوەی نوێ، فۆرمی نوێ، بۆ ئەوەی خوێنەری جوایەز، جیهانبینیی جوایەز دروست بێت. لێرەدا بە دوای کەشفکردنی چێژدا دەگەڕێت، واتە هەوڵی ئەوە دەدات لە ئاستی فۆرم و زماندا ئەم بنیاتانە چۆن دروستبوون. خوێنەر لێرەدا تووشی حەپەسان و سەرسامبوون دەبێت، چونکە بەر زمانێک دەکەوێت، زمانێکی ئاسایی ڕۆژانە نییە، بەڵکو زمانێکە خوێنەر سام دەکات، شۆکی دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**1. مەنتک (حەمە): 2019: مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە)، کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر.**

**2. تادییە (جان ایف): 1992: النقد الادبی فی القرن العشرین: ت: قاسم المقداد: منشورات وزاره الثقافه: سوریا.**

**3. وغلیسی (یوسف): 2007: مناهج النقد الادبی، جسور للنشر والتوزیع، القاهره.**

*** ئالێکساندەر پۆتیبنیا (1835- 1891) بڕوای وایە شیعر بیرکردنەوەیە لەڕێی وێنەوە، هاوکات هچ هونەرێک بەتایبەت شیعر بەبێ وێنە بوونی نییە.**

## مەسخی کافکا؛

# ڕەشبینییەکی تاکەکەسی یان گوزارشتێکی مرۆیی بەردەوام؟

**سەنگەر زراری**



فرانتس کافکا، نووسەری ناوداری چیکیی سەدەی بیستەم، بەرلەوەی بمرێ، لە نامەیەکدا بۆ میلینیای خۆشەویستی دەنووسێت: "ژیانی کتێب، دوای مردنی نووسەرەکەی دەستپێدەکات، یان بەزۆری پاش مردنی نووسەرەکەی بە ماوەیەک.." ئەمە ڕێک ئەوە بوو کە بەسەر خۆیدا هات، کافکا کتێبەکانی دوای مردنی زۆر بە فراوانی بڵاوبوونەوە.

فرانتس کافکا (1924-1883ز) لە پراگی پایتەختی چیک لەدایک بووە، لە دۆخێکی ئاڵۆزی دەروونی و خانەوادەییدا ژیاوە و ئەمەش لە نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. چیرۆک و ڕۆمان و نامەی ئەدەبی و هەندێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و وتاری نووسیون.

کافکا بە کەسێکی ڕاڕا وەسف دەکرێت کە هەمیشە نەخۆش و نیگەران بووە، زۆری نووسیوە و دڕاندوویەتی، زۆربەی کتێب و نووسراوەکانی سووتاندووە، جگە لە ماڵباتەکەی و هەندێ لە برادەرەکانی، کەسی دی نەیدەزانی ئەم کوڕە ئەم شاکارانە دەنووسێت، بەڵام دوای ئەوەی کۆچی دوایی دەکات، دەردەکەوێ چ نووسەرێکی بیرمەند بووە و ئینجا بەرهەمەکانی بڵاودەکەنەوە.

ڕۆناڵد گرای، نووسەری ئەمەریکی کە کتێبێکی تایبەتی لەبارەی کافکاوە نووسیوە، دەڵێت: "ناوی کافکا، بووەتە سیمبولێک بۆ زۆردارییەکانی سەدەی بیستەم، کافکا نموونەی نووسەرێکی توندڕەوە، خۆی ڕادەستی هەموو ئەو هێزانە کردووە کە دەکارن مرۆڤ وێران بکەن، بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بدات لەڕێگای هۆشیارییەوە، بەربەست بخاتە پێش ئەم وێرانکارییە..".

یەکێک لە کارە بەناوبانگەکانی کافکا ڕۆمانی مەسخە، مەسخ، ڕۆمانێکی کورتە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1915ز) بڵاوبووەتەوە، دواتر بووەتە یەکێک لە کارە گرنگ و بەناوبانگ و کاریگەرەکانی سەرانسەری سەدەی بیستەم، تەنانەت لە زۆرێک لە زانکۆ جیهانییەکاندا وەکو مەنهەج دەخوێنرێ.

لە ڕۆمانەکەدا گریگۆر سامسا کە بازرگانێکی گەڕیدەیە، بەیانییەک لە خەو ڕادەبێت بە نیازی ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی، بەڵام هەست دەکات چیتر مرۆڤ نەماوە و بووەتە دەعبایەکی فرە پێ، کات درەنگ دەبێ و ناتوانێ بەم حاڵەیەوە لەناو جێگاکەی بێتە دەرەوە، دواتر خوشکەکەی و دایک و باوکی کە بانگی دەکەن بۆ ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی، ئەو هەر خۆی دەخافڵێنێ بە نیازی ئەوەی دۆخی باش بێتەوە و ئەم دۆخەی هاتووەتە پێشی، تەنیا خەون و خەیاڵێک بێت، بەڵام وردە وردە سەرەتا لە ڕێگای دەنگییەوە و پاشان کە دەرگاکە دەکاتەوە، بۆیان دەردەکەوێ چی بەسەر کوڕەکەیان هاتووە و چۆن بووە بە دەعبا. ڕووداوەکان بەم جۆرە بەردەوام دەبن تا لە کۆتاییدا هەموو لێی بێزار دەبن و دەیانەوێ بە هەر جۆرێک بووە، لەناوی ببەن یان دووری بخەنەوە، بۆ ئەوەی بحەسێنەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە سامسا پێشتر کۆڵەکەی پشتی ماڵەکە بووە و هەر ئەو بەخێوی کردوون، بەڵام ئێستا لێی بێزارن، سەیرەکە ئەوەیە کە ئەو لەوان تێدەگات باسی چی دەکەن و دەیانەوێ چی بکەن، بەڵام ئەوان لە سامسا تێناگەن!

ڕۆمانەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا، گریگۆری سامسا ڕووبەڕووی ئەو حەقیقەتە دەبێتەوە کە بووەتە دەعبایەکی بێزراو، بە جۆرێک کە باوکی بە زەبر و زۆری بەرەو جێگەخەوەکەی خۆی ڕاپێچی دەکاتەوە و لێرەشەوە هەم ژووفەکە و هەم دەوروبەرەکەی ناچاری دەکەن لە شوێنەکەی خۆی بمێنێتەوە و وەکو بەندکراوی لێدێت.

لە بەشی دووەمدا: سامسا هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەم دۆخە ناهەموار و نادیارە بژیێت و ڕابێت، خواردنی پیس و بۆگەنی بۆ فڕێ دەدەن و دەیخوات، ناچارە ژیانە تازەکەی قبووڵ بکات، هەرچەندە زۆر خەفەتیشی لێ دەخوات، بەڵام ئەوان هێشتا هەر خزمەتی دەکەن و بە ئەندامێکی بنەماڵەکەی هەژمار دەکەن.




لە بەشی سێیەمدا: ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە دەوروبەرەکەی بەتەواوی لێی بێزاربوونە و لە هەوڵی ئەوەدان لێی ڕزگار بن، هەر بۆیەش کاتێک دەمرێ، خانەوادەکەی ئاسوودە دەبن و بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن وەکو ئەوەی دەست بە ژیانێکی خۆش و ئاسوودە و ئارام بکەنەوە.

لە ڕۆمانی مەسخدا، کافکا سەبارەت بە خودی خۆی، گوزارشتی لە نیگەرانی و نەخۆشییەکەی خۆی کردووە کە تووشی سیل بووە و تا بەهۆیەوە مردووە، هەر بەهۆی ئەم نەخۆشییە و بەهۆی ڕەشبینییەکەی، هەستی بە نامۆیی کردووە لە بەرامبەر خانەوادەکەی و جیهان. بۆیەش نەک ئەم ڕۆمانە، بەڵکو زۆربەی کارەکانی لەسەر ڕەشبینی بنیاتنراون.

سەبارەت بە گوزارشت لە جیهانی دەرەوەش، ئەم ڕۆمانە لە ساڵی (1915ز) بڵاوبووەتەوە، ئەوکات مرۆڤایەتی تووشی شەڕێکی گەورەی جیهانی ببوو. هەروەها ئەم ڕۆمانە بە تایبەت دژی سیستەمی سەرمایەداری و مۆدێرنەیە کە ئەوکات سەری هەڵدابوو، سامسا لە کاتی مەسخبوونیدا، هەرکاتێک دەجووڵێتەوە، ئازارێکی پێدەگات، لێکۆڵەرانی کارەکانی کافکا، پێیانوایە ئەمە گوزارشتە لەوەی کە سەرمایەداری، چوارچێوەیەکت بۆ دیاری دەکات و هەرکاتێک بتەوێ لەم چوارچێوەیە دەرچی، ئازارت پێ دەگەیەنێ.

ئەم ڕۆمانە نموونەی ئەدەبێکی عەبەسی و ڕەشبینە، ئەو ئەدەبەی وا لە ژیان دەڕوانێ کە حاڵەتێکی عەبەسی و ڕەشبین و بێسوودە. ئەم ڕۆمانە مشتومڕێکی زۆر لەبارەی بوونی مرۆیی و نامۆبوونی لە کۆمەڵگا دەخاتەڕوو.

فەیلەسووفی ناوداری فەڕەنسی ڕۆجیە گارۆودی (2012-1913ز) سەبارەت بە مەسخ دەڵێت: "کافکا ئەم جیهانەی بە کەرەستەی سەردەمی ئێمە دروست کردووە، بەڵام بە جۆرە یاسایەکی دی ڕێکیخستووەتەوە، ئەو کەسایەتییە ئەدەبییەی کافکا دروستی کردووە، هیچ نییە جگە لەوەی کە گوزارشت لە کەسایەتییەکی ئاڵۆز و خەمبار دەکات، مەسخ، تەنیا دەعبایەکی بێزراو نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ژیانێکی ماددیی توند و دوورخستنەوەی جیهانی مرۆیی زەحمەتکێشە، لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری کە لە مرۆبوون و هەموو سیفەتێکی مرۆیی داماڵراوە".

ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێش، ئەوەیە کە ئایا ئێمە بۆ دەبێ ڕۆمانێکی سەدەیەک پێش ئێستا بخوێنینەوە؟ یاخود ئایا ئەمە گوزارشت لە هیچ دۆخێکی ئێمە دەکات؟!

بێگومان مرۆڤ بوونەوەرێکە بەرگەی یەکتر دەگرێت، بەڵام ئەم بەرگەگرتنە تا سەر نییە و هەرچەندە نزیکی یەکتریش بن، دەشێ لە قۆناغێکدا لەیەکتر بێزار بن، بۆ نموونە ئەو کاتەی کەسێک زۆر نەخۆش دەکەوێت و ماوەیەکی زۆر دەکەوێتە ناو جێگا، پێیدەڵێن: "ئەگەر بمرێت هەم خۆی و هەم دەوروبەرەکەشی دەحەسێنەوە!". ئەمە ڕێک بەدەعبابوونەکەی کافکایە، کە لە کۆتاییدا نزیکترین کەسەکانی ئامادە نین خزمەتی بکەن، یان بەلایەنی کەم لە خزمەتکردنی بێزار دەبن. لەم ڕۆمانەدا خوشکەکەی سامسا، نموونەی ئازیزترین کەسیەتی، کە سامسا زۆری خۆشدەویست و گرنگیی پێ دەدا، کەچی دواتر ئەویش لێی بێزار دەبێت و داوا دەکات چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە و لەکۆڵی بکەنەوە: "بابە و دایەی ئازیزم، ئەم دۆخە نابێ بەردەوام بێت، ڕەنگە ئێوە نەزانن، بەڵام من وجودم هەیە، هیچ حەز بەوە ناکەم ناوی براکەم لە حزوور ئەم ئاژەڵەدا بەسەر زاردا بێنم، کەوابوو هەر ئەوەندە دەڵێم دەبێ لە شەڕی ئەوە ڕزگار بین، ئێمە لە ئەندازەی توانای ئینسانییەوە ئاگامان لێی بێ و تا ئێستاش خۆڕاگریمان کردووە و ئیتر پێموانییە لەو بابەتەوە کەس لۆمەمان بکات...ل104"، "بابە تەنیا هەوڵ بدەن ئەو بیرە لە خۆتان دوورکەنەوە کە ئەمە گریگۆرە، بەدبەختیی سەرەکیی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو ماوەیە بەردەوام فکرێکی ئاوامان کردووەتەوە، ئاخر ئەو چۆن دەتوانێ گریگۆر بێت، ئەگەر ئەوە گریگۆر با، زۆر زووتر تێدەگەیشت کە مرۆڤ ناتوانێ دەگەڵ بوونەوەری ئاوا بژیت و خۆی بەپێی خۆی دەڕۆی، ئەودەم ئیتر برامان نەدەبوو، بەڵام لانیکەم دەمانتوانی درێژە بە ژیانمان بدەین و ڕێز دانێین بۆ یادی ئەویش...ل106".

شاعیری ئەمەریکی، هیو هوگ ئوودن (1973-1907ز)، دەڵێت: "کافکا سەبارەت بە ئێمە زۆر گرنگە، چونکە مەینەتییەکانی، مەینەتیی مرۆڤە هاوچەرخەکانە..".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە نابێ بیرە ڕەشبینییەکانی کافکامان بەسەردا زاڵ بێت، چونکە کافکا لەسەر ئەمە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە. بەڵام پێویستە بە دوو دیودا سوود لەم کارەی کافکا وەرگرین. لەلایەک ڕەشبینییەکە وەکو ئەوە وەرگرین کە گوزارشتە لە سیفەتی ڕەشبینیی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی و هەموو مرۆڤێک لە هەندێک قۆناغدا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ڕەشبینییە دەبێتەوە و دەتوانێ بەسەریشیدا زاڵ بێت، لەلایەکی دیکە و بۆ ئەوەی چاکە و خۆشییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیمان لەبیر نەچێتەوە، وەکو ئەوە وەریگرین کە ئەمانە بەشێکن لە ژیانی تایبەتیی کافکا و هەروەها لە سەردەمێکی نەگبەتی و ناخۆشیدا (کە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییە) نووسراوە و گوزارشت لەوکات دەکات.

* مەسخ (ڕۆمان)- فرانتس کافکا، وەرگێڕانی: مەنیژە میرموکری، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم (2013).

# سەیران



◄ **ڤیدا قادری**



بە درێژایی ڕێگا، ڕوخساری کچەکەی هەر لەپێش چاو بوو؛ جوانکیلە و سپی بەڵام نەک سپییەکی ئاسایی، بەفرێک خوێنی بەرسەردا پژابێت لەگەڵ نیگا و زەردەخەنەیەکی وەیلان کە لە چوارچێوەی ئاوێنەکەی پێشەوە، خۆی بە نیگاکانیدا دەکێشا...

تەکسییەکەی ڕاگرت و هاڕدراو لە پێوانی شەقام و کۆڵانەکانی شار دابەزی و بە دوو زەرفەکەی دەستیەوە خۆی کرد بە حەوشەدا و بە نووکی پێڵاوەکەی دەرگای حەوشەی داخست. کە ئاوڕی دایەوە، سەری سوڕما، هەمان کچی بەفروخوێن لەوسەری ژوورەکە، بەرانبەر پەنجەرە گەورەکە ڕووەو دەرگای حەوشەکە دانیشتبوو. جوان پاڵی بە پشتییەکەوە نەدابوو، وەک بڵێی بەپەلە بێت و نەیەوێ زۆر بمێنێتەوە. لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو. چاوی زەق زەق بڕیبووە دەرگای حەوشە و لێوی لە پشت کوپە چایەکەی دەستیەوە شاردبووەوە. نیگای لە جامی پەنجەرەکە پەڕیبوونەوە و وەک بڵێی تا ئەوسەری کۆڵانەکەشیان لێوە دیار بێت، هەر وا مات مابوون. بە دەنگی پێکدادانی دەرگاکە و دەرکەوتنی تالب لەناو چوارچێوەی پەنجەرەی ژوورەکە، ڕاچڵەکا. چرکەیەک بێ جووڵە ما. لێی ڕاما.

تالب بە زەرفەکانی دەستیەوە چووە ناو هۆڵەکە. زەرفەکانی لەودیو دەرگای چێشتخانەکە دانا. پسکەپسک و بە سەرسوڕمانەوە لە ژوورەکە نزیک بووەوە و لە سووچی دەرگاکە بە دزییەوە لەو کچە حەڤدە یان هەژدە ساڵانە ڕاما کە بە مانتۆیەکی ڕەشی تا سەر ئەژنۆ و کابۆیەکی شینەوە بەرانبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو. وەک هەموو کچە تازە پێگەیشتووەکان لەچکە سپییەکەشی هەروا بۆ جوانی خستبووە سەر تەوقەکەی سەری و خەرمانی قژە کاڵەکەی لە هەموو لایەکەوە ئازادانە خۆیان دەنواند. دەستی ڕاستیشی یاریی بە قایشی جانتا ڕەشەکەی دەکرد، دیار بوو بێئۆقرەیە.

شێوەی دەکرد... شێوەی دەکرد؟ نەیدەزانی لە کێ دەچێت.. کچە بۆ ساتێک چاوی بە لایەکی دەموچاوی تالب کەوت... خێرا سەری دزییەوە و تا ئاودەست نەوەستا...

خولەکێک دواتر، لەوێ، لەناو ژوورەکەدا بوو. لەبەر پەنجەرەکە و لەبەرانبەر کچەکەدا. بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ لە کوێ بینیویەتی؟ جوان بوو. لێی ڕامابوو، لە هەمان کاتیشدا نوقمی کۆڵینەوەی چینەکانی مێشکی خۆی بوو تا بزانێت جگە لەناو ئاوێنەکەی پێشەوەی تەکسیەکەی لە کوێی تر بینیویەتی.

کچەکە دەمودەست و بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە پرسی: "نامناسی؟"

نەیدەناسی؟..

سەری سوڕمابوو لەوەی کچەکە هێندە خۆی بە ناسیاو دەزانی و ئەم هەرچی بیری دەکردەوە نەیدەناسی. لەبەر خۆیەوە گوتی: نایناسم.. بەڕاست چەند ئاشنایە و چەندەش نامۆیە! ئەم کچە کاڵە چاو هەنگوینیە دەمولووت باریکە کێیە بۆ خاتری خوا؟

بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە کچەکە ڕامابوو، لە زەینی خۆیدا بەدوایدا دەگەڕا. بەڵام هەرچی دەگەڕا نەیدەدۆزییەوە. جگە لەم بەیانییە و لەناو ئاوێنەی پێشەوەی تەکسیەکەی، لە شوێنێکی تر نەیبینیبوو.

دەنگی ناسکی کچەکە ڕایچڵەکاندەوە: " تەنانەت هەر شێوەشم ناکەی؟! لەکەس ناچم؟! من لە هیچ کەس ناچم؟!"

ژنەکەی چای هێنا و لە تەنیشتیەوە دانیشت و بە گوێیدا چرپاند: تالب ئەو کچە کێیە؟ دوو سەعاتە چاوەڕێتە...

چرپەی ژنەکەی، کە هەر لە چرپە نەدەچوو؛ تیزەبزەیەکی خزاندە سەر لێوی کچەکە: "دادە فاتم پرسیاری لێ مەکە، دیارە هەر نامناسێ!..."

لەپڕ ڕەنگی تالب هەڵبزڕکا و دڵی کەوتە تەپەتەپ. دەست و قاچی سارد بوونەوە. لەوە دەترسا داوێکیان بۆ نابێتەوە. سەیرێکی فاتمی کرد . فاتم بە سەرسوڕمانەوە چاوی بڕیبووە ناو چاوی. هەر لە خۆڕا دەترسا. هەستی کرد فاتم خەریکە گومانی لێ دەکا. بە ترسەوە سەری بادا، یانی من بێئاگام. چاوە وردەکانی فاتم هەر چاوەڕێی وەڵام بوون. نیگاکانی تالب پڕ بوون لە پاڕانەوە، بە نیگەرانییەوە سەیری فاتمی کرد: یانی کچێ بە خوا من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە... نیگاکانی فاتم لە نێوان تالب و کچە کاڵەکە لە هاتوچووندا بوون. خەریک بوو بە دوای سەرەداوێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی وەڵامی دەیان پرسیاری ناو مێشکی خۆی بدۆزێتەوە. دیسانەوە بە دەنگێکی نیوەکزەوە گوتی: "تۆ نایناسی؟"

تالب خێرا بە تووڕەییەوە چاوی بڕییە ناو چاوی فاتم. ئەویش خێرا چاوی داخست...

کچەکە چاوی پڕ لە پرسیاری بڕیبووە ناو چاوەکانی تالب.

سەرێکی بادا: "دادە گیان بە هەڵە هاتووی، ئەمن ناتناسم".

لەپڕ کچەکە وەک بڵێی زمانی وشک بووبێت. هەوڵی دا لێوەکانی لە یەک بکاتەوە. بە دەنگێکی وشکەوە گوتی: "من... من سەیرانم سەیران..."

دەتگوت نەویون لە بەندی دڵی: "سەیران؟ کام سەیران؟..."

کچەکە بە زەردەخەنەیەکی خەماوییەوە تەماشای دەکرد. تالب شوێنی بە خۆی نەدەگرت. بە پرسیارەوە سەیری کچەکەی کرد. نیگاکانی وەکوو نەیزەک ڕۆچووبوونە ناو چاوەکانی. ترس و دڵەڕاوکێی ئەم هەموو ساڵە دواجار ببوو بە ڕاستی. هەستی دەکرد خەمی دونیایان ڕژاندووەتە ناخیەوە. برینە کۆنەکەی وەکوو بورکان دەرگای کردبووەوە و لە دڵیدا هەستی بە گەرمایەکی سووتێنەر دەکرد. بورکانەکە تەقیبووەوە و شلەیەکی سووتێنەر لە دڵیەوە هەڵدەقولا و بە تەوژمەوە لە چاوەکانیەوە لووزەویان دەبەست.

فاتم سەری سوڕمابوو. بەو دەنگەی کە هەمیشەی خوا دەتگوت دەقیژێنێ، گوتی: "ئەیەڕۆ پیاوەکە ئەوە چی بووە! بۆ بەو جۆرە دەگریت؟ دە تێمبگەیەنن بزانم چی بووە؟... کچێ دە تۆ شتێک...."

فرمێسکی کچە لەسەر کوڵمانی دەبریسکانەوە، کاتێ گوتی: "پێیان گوتووم ئەو زستانە زستانێکی سارد بوو..."

زستانێکی سارد و تووش بوو. تالب خۆی دابووە یەک و لەبەر سۆپاکە هەڵترووشکابوو، پەنجەکانی لەسەر ئەژنۆی ڕاستی هەڵپێکابوو. چایەکەی بەردەستی هەڵمی لێ هەڵدەستا. خەمی دنیا وەکوو داروپەردووی ماڵێکی بوومەلەرزەلێدراو کردبوویە ژێرەوە و بە ئاستەم هەناسەی دەردەهات. کەس نەبوو ئەو داروپەردووە بداتە لاوە و تالبی داماو لەناو ئەو کاولاشە ڕابکێشێتە دەرەوە. ئازارەکەی خۆی کەم نەبوو، دەنگی وزەوزی براژنیشی وەکوو مشار کەوتبووە ویزەی مێشکی و ئەنجنئەنجنی دەکرد.

"هەر بێغیرەت بووی. دەستەوستان و بێغیرەت. من هەر لە سەرەتاوە گوتم ددانێک کە دەئێشێ، دەبێ لە ڕەگەوە هەڵیبکەنی و فڕێی بدەی. جارێک، دوو جار، کوڕە بابە وەڵا عەیبە، شوورەییە، حەیا و ناموسمان چوو. ناتوانین لەناو ئەو خەڵکە سەر هەڵبڕین. هەزار جار گوتمان دەریکە با بڕوات. خۆ غیرەتی ئەوەت نییە بیکوژی. دەریکە با بڕوات... تۆش وەکوو کەری ملپان...."

هەرچی لە زاری دەرهات بێ گەڕاندنەوە ڕشاندییەوە. تالبی داماویش هیچی پێ نەدەگوترا. ناحەقیشی نەبوو.. کە شاناز ڕەدووی ئەو کوڕە کەوت و دواتر گیرا و کەوتە بەندیخانە، هەموویان گوتیان تەڵاقی بدە و خۆتی لێ ڕزگار بکە. بەڵام تالب کاتێ لە بەندیخانە چاوی بە شاناز کەوتبوو، بە گریان و پاڕانەوەکانی دڵی نەرم ببوو. شاناز دانی بەوەدا نابوو کە حەزی لەو کوڕە کردووە، بەڵام سوێندی خواردبوو بە مەبەست لەگەڵ ئەو کوڕە نەچووە. وتبووی کاکی پێی زانیون و هەڕەشەی کوشتنی لێ کردوون، ئەمانیش لە ترسی گیانی خۆیان هەڵاتوون. گوایە لە بازگە گومانیان لێ کردوون چونکە وێنەی سەر ناسنامەکەی تالب لە کوڕەکە نەچووبوو. هەرلەوێ دەسبەسەر کرابوون و دواتر خرابوونە بەندیخانەوە. دواتر کە بەریشدرابوو، گوێی بە کەس نەدابوو. بڕوای بە سوێند و پاڕانەوەکانی شاناز کردبوو. لێی خۆش ببوو، بە بیانووی ئەوەی نازی کوڕەکان نەشێوێ، بردبوویەوە بۆ ناو منداڵەکانی.

براژنی هێشتا هەر لە پرتە و بۆڵە بەردەوام بوو، هەر وشەیەکی گوللەیەک بوو دەینا بە دڵیەوە. تالب نەیدەزانی چی لەو هەموو چارەڕەشیە بکا کە تێکڕا ڕوویان تێکردبوو. سەرباری هەموو ئەمانەش نەیدەزانی بە تاقی تەنیا چۆن ئاگای لە کۆرپەیەکی ساوا بێت. بە دڵەباوەڕمەکە گوتی: "براژن با ئەو کچە بێنمە لای تۆ ماوەیەک ئاگات لێی بێ؟"

براژنی واقی وڕما،بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "کچی چی قوڕبەسەرم؟"

تالب چاوی بڕیە هەڵمی کزی سەر پەرداخە چایەکە، بە دەست هەڵمەکەی پەرشوبڵاو کردەوە: "ئاخر شاناز بەرلەوەی دیسانەوە بڕوات، منداڵی خستەوە. منداڵەکە کچە. هێشتا چلەی نەچووە..."

سەرێکی بادا: "ئمممم.... هەی داماو. خانم ڕەدووکەوتووە تازە زۆڵەکەشی هێناوەتەوە بۆی بەجێهێشتووی و تێیتەقاندووە. ئەمە کەی؟ کەی ئاوس بوو کە ئێمە بێ ئاگا بووین؟ "

تالب جێی برینە کۆنەکەی سەر مەچەکی دەستی ڕاستی خوراند و گوتی: "ئێوە خۆ هەر سەرتان بە ماڵی مندا نەدەکرد تاکوو ئاگاتان لێی بێ... نازانم کە لە بەندیخانە بەربوو، لەسەر پێ و مانگی خۆی بوو..."

تریقەی پێکەنینی براژنی وەکوو هەورەبروسکە دەنگی دایەوە و چ خشتی سەقفەکەیان بوو هەموو بە یەکجاری لە ڕەگەوە دەرهێنا و کێشای بە تەپڵی سەری تالبدا: "نانانانانانانانا... نا تالب گیان من کاری وا ناکەم. لای منداڵی خۆمم بۆ ناگیرێت ، ئێستا بێم زۆڵەکەی شانازیش کە دیار نییە هی کامە نێرەکەرە بگرمە کۆشی خۆم و شیری قوتووی بدەمێ؟ کاکت بزانێت هەر شاربەدەرمان دەکا... کوڕکانت چی لێکرد؟"

"بە ماشێنەکانی گوند ناردمنەوە بۆ لای دایکم..."

"دەی با ئەمیشت هەر ناردبا بۆ لای دایکت..."

"دایکم؟ دایکی داماو ئەمە بۆ جاری دووەمە کوڕەکانم کردووەتە ملی. تەلەفۆنم بۆ کرد. گوتم حاڵ وا و حەکایەت وا. گوتی پێڵاوی کوڕەکان سەرسەرم بەڵام زۆڵی کەس ڕاناگرم..."

قومێکی لە چایەکەی خواردەوە و گوتی: "براژن تەنیا چەند ڕۆژێک با لەلات بێ، هەر کە دایکیم دۆزییەوە دەیدەمەوە بە خۆی..."

نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا بە تەوسەوە گوتی: "دایکی دەدۆزیتەوە و دیسانەوە دەیبەیتەوە ماڵەکەی خۆت و زۆڵەکەشی بەخێو دەکەی. هەی بێ غیرەت. بێشەرەف..."

دەنگێکی ناسک لەو خەیاڵە ڕایکشایە دەرەوە و، فڕێی دایەوە بەر پەنجەرەی ژوورەکەیان، ڕێک بەرانبەر بە کچە کاڵەکە: "چی بوو؟ منت ناسییەوە؟"

بە سەرسوڕمانەوە لە کچەکە ڕاما. لەبەرخۆیەوە گوتی: "چەند لە سیروان دەچێ. بە شەرەف ئەگەر نەختێک قەڵەوتر با و کەپووی فش با هەر دەمگوت سیروانە بۆ شۆخی لەچکی لەسەر کردووە. هەر خۆی زۆر لە سیراون بچووکتر نییە. چوار ساڵ لە سیروان و دوو ساڵیش لە سینا ... بە ڕاست بۆ هێندە لە سیروان دەچێ؟..."

دیسانەوە دەنگ کە نا، قیژەی فاتم بەخۆی هێنایەوە : پیاوەکە کۆڵنج دەکەی وەرە ئەمسەری ژوورەکە! بۆ لەبەر ئەو پەنجەرەیە هەڵترووشکاوی؟ خۆی هەر ماڵەکە ساردە....

لەبەر خۆیەوە مۆڕاندی: "ماڵەکە ساردە؟.."

ماڵەکە سارد بوو؟

ماڵەکە سارد بوو. کچەکە دەیقیژاند. هەم برسی بوو، هەم سەرمای بوو، هەم بێ دایک بوو، هەم بێ باوک... ئێوارە دراوسێیەکەی بەرانبەریان هەر کە لەوسەری کۆڵانەکە چاوی پێی کەوت کە چۆن وەکوو پیرێکی پەککەوتە خەریکە خاوەخاو لە لێژایی کۆڵانەکە خۆی بەرەو سەرەوە ڕادەکێشێ، خێرا ڕایکردبووە ژوورەوە و مەلۆتکە سپیەکەی هێنابووە بەر دەرگا و هانکەهانک گوتبووی: "کاک تالب خەجاڵەت خۆم. خۆیشم دوو منداڵی هاروهاجم هەیە، کچی تۆم پێ بەخێو ناکرێ بەخوا. خۆ خۆت دەزانی چی دەڵێم... بیبەرەوە. یان بیبە لای خزم و کەسەکانت...." تالب وەڕەس لە هەموو کەس و هەموو شتێک، نەیهێشتبوو ژنەکە قسەکەی تەواو بکا، هەناسەیەکی هەڵکێشابوو، جگەرەکەی دەستی نیوەسووت فڕێدابوو، باوەشی بە کچەکەدا کردبوو، دواتر بێ دەسخۆشانە پشتی لێ کردبوو، خۆی کردبوو بە ماڵە چۆڵەکەیدا. ئێستا هەرچییەکی دەکرد ژوورەکە گەرم نەدەبوو. لەبەر خۆیەوە هەر دەیبۆڵاند: "باشە من چی لەم کچە بکەم؟ بۆچی من هێندە دڵحیز بووم؟ بۆچی باوەڕم پێ کردی؟ بۆچی لێت خۆشبووم؟ خوا لەناوت بەرێت شاناز. خوا لەوە ڕووڕەشترت بکا ژن وا ڕووڕەشت کردم. ئەو کچەت لە کوێ هێنا و کردت بە کۆت بەملی منەوە؟ باشە من بۆچی تۆم نەکوشت؟ ئەی خوایە... من بۆچی لەبەر تۆ پشتم لە کەسوکارم کرد و بە خۆت و باوەشێک ورگتەوە تۆم هێنایەوە ماڵەوە؟ لەبەر منداڵەکان؟ ئەی خوایە گیان... جا قەحبە تۆ کەی منداڵت ویستووە؟ کەی بەخێوت کردوون؟"

واقەی منداڵەکە خەریک بوو ژوورەکەی بەسەردا بڕووخێنێ. گومان وەکوو مۆرانە کەوتبووە وێزەی مێشکی و خەریک بوو وردە وردە مێشکی دەجاوی: "تۆ بڵێی ئەوە کچی من بێ؟ نا... نا... ئەو خەڵکە ڕاست دەکەن، ئەوە دەکرێ هی هەر کەسێک بێت جگە لە من... ئەی بۆ هێندە سۆزم بۆی هەیە؟ نا نا. هی من نییە. ساوایە و مرۆڤیش سۆزی بۆ ساوا هەیە."

شڵەژابوو، نەیدەزانی چەند کەوچک شیر بکاتە ناو مەمەکەیەوە. هەروا ئاو و شیرەکەی تێکەڵ کرد و هێندەی شیر بە منداڵەکە دا، تاکوو ڕشایەوە.

سەیری کچەکەی کرد: خوایە گیان چەند گەورە بووە... هەستێکی غەریزی بەرەو لای کچەکە ڕایدەکێشا. لەناخەوە دەکوڵا. دەیویست بڕوات و باوەشی پێدا بکات، بەڵام...

لە حاڵێکدا بەسەری پەنجە گۆشەی چاوی ڕاستی دەسڕییەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و پرسی: "چۆن زانیت من ماوم؟ چۆن ئێرەت دۆزییەوە؟"

"باوکم ناونیشانی پێدام".

"باوکت؟"

کابرا چل یان چلوپێنج ساڵێکی دەبوو. نەزۆک بوو. خەریک بوو سوێی دەبووەوە بۆ منداڵێک. کەپووە گۆشتنەکەی زوو زوو لە ملی کچەکە نزیک دەکردەوە و وەکوو ئەوەی گوڵەباخێکت دابێتە دەستی، بە قووڵی بۆنی دەکرد. چاوە دەرپۆقیوەکانی پڕ بوون لە پێکەنینی پاش حەسرەتێکی درێژ.

عەبەی هاوڕێی لە حاڵێکدا کە کچەکەی دەدایەوە دەستی، گوتی: "وەڵا کاکە ژنەکەی منیش ناچێتە گردی. تۆش خۆتی پێوە ماندوو مەکە. ژنەکەشت لێیداوە ڕۆیشتووە. بیدە بەو کابرایە و پارەیەکیش وەربگرە. خۆیشت سوور دڵنیای ئەوە کچی تۆ نییە. بیدە بەو کابرا و لە کۆڵی خۆتی بکەوە..."

ئایا دڵنیا بوو؟ بەڕاست ئەوە کچی ئەو نەبوو؟... بەردەوام کاری ببووە خۆخواردنەوە و لەبەرخۆوە قسەکردن. بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ بۆ هێندە سوورن لەسەر ئەوەی ئەو کچە کچی ئەو نییە و هی کەسی دیکەیە؟ لەبەرخۆیەوە دەیگوت: شاناز سێ مانگ لە بەندیخانە ڕاگیراوە. ئەوە سێ مانگیشە بەربووە. کەواتە زکی سێ مانگان بووە کاتێ گیراوە. هەمووی یەک دوو حەفتە لە هەڵاتنەکەی تێنەپەڕی کە گرتیان. دەی دوو مانگ و نیوی هەر لای من بووە... ئەو کچە هی خۆمە.

نا... نا... هی من نییە. هەرچی لێی دەڕوانم هیچی لە من ناچێ... ئاخۆ دایکەکەی جگە لە من لەگەڵ چەند کەسی تردا خەوتووە؟ دەیانگوت وامەکەی بۆ کەس نەبوو... دەیانگوت جگە لە من لەگەڵ هەمووانیشە. چەند گەمژە بووم! بۆچی بڕوام نەدەکرد؟ باشە دواتر کە گیرا بۆ قەبووڵم کرد؟ بۆ هێندە هەوڵم دەدا سەرنجی بۆ لای خۆم ڕابکێشمەوە؟ ئاخۆ ئەوە کچی منە؟ ئەی سینا و سیروان چی؟..."

"منت بە چەند فرۆشت؟"

ئەوە دەنگی سەیران بوو کە بەو پرسیارەی ناخی تالبی هەژاند. هەر لە سەرەتاوە خواخوای بوو ئەو پرسیارەی لێ نەکا. هەناسەی سوار ببوو. حەزی دەکرد لەو ساتەدا زەوی دەم بکاتەوە و قووتی بدات....

"کاکە دوو ملیۆنت پێدەدەم ئیتر باسی ئەو کچە ناکەی. نە خۆتی پێ نیشان دەدەی. نە بەدوایدا دەگەڕێی. نە ناونیشانی ماڵی ئێمەت لەبیر دەمێنێ. تۆ هەر کچت نەبووە. لە ئەمڕۆوە ئەمە کچی منە".

سەیران بە ئارامی دەستی برد لەچکەکەی ڕێکخست: "کە خۆمم ناسی ئیتر ئەوە بوو بە خۆرکەی مێشکم، کە دەبێ دایک و باوکە ڕاستەقینەکەم ببینم. وردە وردە ژیانم بە باوک و دایکم تاڵ کرد. باوکم ناچار ناونیشانەکەتی دۆزییەوە و پێیدام و گوتی ئەوە باوکتە، هەرچەند خۆی بە باوکت نازانێ، خۆت بڕۆ بیبینە".

تالب بە شەرمەزارییەوە سەری هەڵبڕی: "کێ پێیگوتی کەسانی تر دایک و باوکتن."

"هەر دەمزانی. ئەوە شتێک نییە بشاردرێتەوە. بەتایبەت ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند بەخێوت بکا و بەشێکی زۆری داراییەکەی بکاتە ناوی تۆوە و ئیرەیی کەسانی دەوروبەرت بورووژێنی. هەرچی کەسە دەیزانی من منداڵی ئەو ماڵە نیم..."

"ئەی دایکت؟ هیچ بە دوای ئەویشدا گەڕای؟"

کچە سەری تەکاندا: "ئمممم. بەڵێ سەرەتا بە دوای دایکمدا گەڕام. داپیرەمم دۆزییەوە. دەستی گرتم و بردمیە سەر گۆڕەکەی..."

"داپیرەت؟ مریەم خان؟..."

مریەم خان لەوسەری داڵانەکەی بنکەی پۆلیسەوە بە ڕاکردن و جنێودان خۆی گەیاندە تالب و بە هەردوو مشتی کێشای بەسەر سنگیدا: "خوا بۆت نەسازێنێ؟ خوا لەناوت ببات؟ ئاخری ژاری خۆتت ڕژاند؟ ئاخری کچەکەمت کوشت؟ ..."

سەری سوڕمابوو. نەیدەزانی چی ڕوودەدات؟ هەموو دراوسێیەکان گوتبوویان شاناز لەگەڵ پیاوێک ڕۆیشتووە. پیاوەکە سواری ماتۆڕی کردووە و لێخوڕیوە و ڕۆیشتووە. کەس پیاوەکەی نەدەناسی. ئاخر ئەوان ماوەیەکی زۆر نەبوو چووبوونە ئەو گەڕەکە.

بیری دەکردەوە ئاخۆ شاناز چی لێهاتووە؟ دەستەکانی مریەم خانی گرت و گوتی: "دایە مریەم چی بووە؟ شاناز دۆزراوەتەوە؟"

مریەم خان کە ئیتر تووڕەییەکەی جێگای خۆی دابوو بە گریان و لاواندنەوە، گوتی: "بڵێ تۆ کوشتووتە. ئەی تۆ شانازت نەکوشتووە؟.. عەباسی برایان گرتووە... کوڕە داماوەکەم. ڕەببی دایکی بمرێت... دەڵێن ئەو شانازی کوشتووە... تۆ کوشتت. ناپیاو تۆ کوشتت... بڵێ من کوشتم... بڵێ من کوشتم و بردمە ئەو چۆڵەوانییە و فڕێمدا... بڵێ براکەی بێتاوانە..."

تالب ئیتر نەیتوانی خۆی ڕابگرێت. کەوتەوە بیری قسەکانی شاناز ئەو کاتەی لە بەندیخانە بوو: "کاکم پێیزانین. هەر خۆی تووڕەیە. هەڕەشەی لێکردم. بۆیە ڕامکرد. نەمدەویست ماڵ بەجێبهێڵم، بەڵام ترسام. ئێستاش هەر هەڕەشەم لێ دەکات. توخوا لێم خۆش بە... با بگەڕێمەوە لای منداڵەکانم..."

"دادە فاتم گوتی کوڕەکانت ناویان سیروان و سینایە. دیارە لەوە دڵنیابووی منیش کچی تۆم دەنا کاتێ باوکم پرسی ناوی چییە نەتدەگوت سەیران... ئەی بۆچی دواتر کە زانیت دایکم کوژراوە و ڕەدوو نەکەوتووەتەوە بە دوامدا نەهاتی؟ بۆ منت نەویست؟"

تالب سەرباری کزەی سەرمای بەر پەنجەرەکە شەڵاڵی عارەقە ببوو: "من نەمویستی؟ ئەی بۆ هەزاران جار هاتم و لە دوورەوە سەیری ئەو ماڵەم دەکرد کە تۆی تێدا دەژیای؟ چەند جار ویستم بێم و بتهێنمەوە؟ بۆ دەبووایە بتهێنمەوە؟ خۆ تۆ کچی من نەبووی!.. کچی من بووی؟! بتمهێنابایەتەوە چیم لێ کردبای؟ بمهێنایتایە ناو ئەو کاولاشەی تەنیا ناوی خانوو بوو؟ بۆ لەو ژیانە پڕ بەختەوەرییە بێبەریم بکردبای؟ لەو هەموو سۆزەی ئەو پیاو و ژنە دەیانتوانی بێ چاوەڕوانی بیبەخشن پێت؟ بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەو پارەیەی وەرمگرتبوو، زۆربەیم خەرج کردبوو..."

تالب هەموو ئەمانەی گوت، بەڵام لەناو هزری خۆیدا. دڵێی دەمبەس خرابووە سەر دەمی، هەرچییەکی دەکرد یەک وشە لەسەر زمانی هەڵنەدەسووڕا.

واقوڕماو لەبەر پەنجەرەکە بەرانبەر بەو پشتیەی سەیران هەر پاڵی پێوە نەدابوو هەڵترووشکابوو. فاتم دەستێکی پێوە ژەند: "پیاوەکە... پیاوەکە... هەستە بۆ لەبەر ئەو پەنجەرەیە دانیشتووی. کۆڵنج دەکەی. هەر خۆی ماڵەکە زۆر ساردە..."

"هاااا؟ ماڵەکە ساردە... سەیران... کوانێ سەیران؟"

"سەیران؟!.. کامە سەیران؟!"